# گێڕانەوەی کوردی لە نێوان واقیعی‌خوازی و دژەواقیعی‌خوازیدا




**دوکتور بەختیار سەجادی**

**پرۆفێسۆری یاریدەدەری ئەدەبی ئینگلیسی و سەرۆکی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی، زانکۆی کوردستان، سنە**

https://research.uok.ac.ir/~bsajadi/

**کۆنفرانسی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی**

**هەولێر، ٢٠١٩/١٢/٢١**

---

**Website:** www.kurdishbookhouse.com

**Telegram:** https://t.me/kurdishbookhouse

تایبەت بە ماڵی کتێبی کوردی

**پێناسەکان**

١. مەبەستی من لە واقیعیخوازی هەمان واقیعخوازی یان ڕیالیزمە. گەر بمانەوێ هاوواتایەکی پڕبەپێست بۆ ئەم زاراوەیە دابنێین «واقیعخوازی» هەڵەیە و «واقیعیخوازی» دروستە. هەر بە هەمان شێوە، بۆ ناتۆڕالیزم «سروشتخوازی» هەڵەیە و «سروشتیخوازی» دروستە، یان وەک چۆن لە ناولێنانی ڕوانگەکانی ئەنیشتەیندا «ڕێژەخوازی» هەڵەیە و «ڕێژەییخوازی» دروستە. لە هاوواتادانان و زاراوەسازیدا دەبێ سەرنجی ورد بدەینە ئەو چەمکەی بە کاری دەهێنین چونکە تەنیا یەک خاڵ یان یەک پیت لە وشەڕۆناندا گرنگە و دەوری خۆی ئەبینێ. هاوواتاسازیی نادروست چەوتتێگەیشتنی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش ئەو دۆخەیە ڕۆژانە بەرەوڕووی دەبینەوە. پێشتر لە کۆمەڵە وتاری «وەرگێڕانی چەمک و زاراوە ڕەخنەیی و تیۆریکەکان»دا هۆکاری وەرگێڕانی نادروستی ئەو نموونەیەی سەرەوەم شی کردووەتەوە.

٢. لەم نووسینەدا «چیرۆکی کوردی» هەموو ئەو ژێرچەشنانە دەگرێتەوە کە پێی دەڵێین فیکشێن یان ئەدەبی چیرۆک. واتە گەر چیرۆک بە ژانر یان چەشنی ئەدەبی لە قەڵەم بدەین، ژێرچەشنەکانی برێتین لە مینیماڵ، کورتە چیرۆکی کورت یان کورتیلە چیرۆک، کورتە چیرۆک، چیرۆکی درێژ، نۆڤێلێت و ڕۆمان. لە باشووردا بە کورتە چیرۆک دەڵێن چیرۆک، کە دیارە ئەمە دروست نییە چونکە کورتە چیرۆک ژێرچەشنە و بۆخۆی لە خانەیەکی گەورەتردایە بە ناوی

www.kurdishbookhouse.com

چیرۆک یان ئەدەبی چیرۆک. کەواتە، ئەو باسانەی لەم نووسینەی بەردەستدا پێشکەشی دەکەم، بەگشتی ڕۆمان و ژێرچەشنەکانی تریش دەگرێتەوە. مەبەست لە ئەدەبی چیرۆک ئەو ژانرە گشتگیرەی ئەدەبی گێڕانەوەیی نوێیە. لە ئەدەبی کلاسیک و زارەکیشدا گێڕانەوەمان هەیە. گێڕانەوە هەبووە و هەشە، بە تایبەت لە ئەدەبی زارەکیی کوردیدا کە زۆر دەوڵەمەندە بە هۆی ئەو هەموو زار و شێوەزار و ناوچە جوگرافییە جیاجیاگەلەوە و هەروەها بە هۆی ئایینزاکان و سیستەمی فەرهەنگییە جۆراوجۆرەکان لە جڤاتە کوردییەکاندا. بەڵام لێرەدا مەبەستی من لە ئەدەبی گێڕانەوەیی و ئەدەبی چیرۆک ئەو ژانرە تازەیەیە کە مێژووەکەی لە ئەدەبی کوردیدا لە دەوروبەری سەد ساڵدایە.

## ڕێبازە ئەدەبییە ڕۆژئاواییەکان و ئەدەبی چیرۆک

جۆرێک لە هاوشێوەیی، هاوتەبایی و هاوتەریبی هەیە لە نێوان ڕێبازە هونەری و ئەدەبییەکان لە ڕۆژئاوا بە ئەدەبی ئینگلیسی، فەڕانسی، ئاڵمانی و تەنانەت ڕووسیشەوە لەگەڵ شێوەی ژیان، فەرهەنگ و دنیابینیی ئەو قۆناغە مێژووییەی ڕێبازەکانیان تێدا دەرکەوتووە. بە واتایەکی ڕوونتر، ئەگەر ڕێبازی ڕۆمانتیزم لە شیعردا و ئەمپرێسیۆنیزم لە شێوەکاریدا و ئێکسپرێسیۆنیزم لە شانۆدا سەرهەڵدەدات، هاوچەشنییەک و هاوتەرییەک و تەنانەت وێکچووییەکیش دەبینرێت لە نێوان ڕێبازەکان و ئەو بەستێنە مێژوویی و پاشخانە فکرییەی ئەو قۆناغە دیاریکراوەی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی.

www.kurdishbookhouse.com

واقیعیخوازی لە ئەدەبی ڕۆژئاواییدا، بە ئەدەبی ئینگلیسی، ئاڵمانی، فەڕەنسی و ڕووسیشەوە، خاوەن مێژینە و ڕابردوویەکی پتەو و دوورودرێژ و تێروتەسەلە. ڕیالیزم بزاڤێک نەبووە لە پڕێکدا دەرکەوێت و لە پڕێکدا دامرکێت؛ لانی کەم دووسەد ساڵی لە پشتە. ئەگەر پرسیارێک بهێنینە ئاراوە و بڵێین یەکەم نووسەری ڕیالیست لە مێژووی ئەدەبی جیهاندا کێیە، لە وڵامدا دەڵێین گەرچی ڕۆمانی واقیعیخوازانە لە سەدەی هەژدەدا دەنووسران و پاشان لە سەدەی نۆزدەدا واقیعیخوازی وەک ڕێبازێکی ئەدەبیی سەرتاسەری گەشەی کرد، بەڵام تەنانەت لە سەدەگەلی چواردە و پانزدەشدا بە شێوەیەکی سنووردار و کز و لاواز یەکەم دەرکەوتەکانی دەبیندرێ. لە ڕوانگەی تاکەکەسیی خۆمەوە، پێموایە ئەگەر بمانهەوێ یەکەم نووسەر یان شاعیری ڕیالیستی جیهان دیاری بکەین، دەبێت قامک لەسەر بوکاچیۆ دابنێین چونکە دێکامێرۆن ئەو بەرهەمەیە کە لە سەرجەم وێژەی ڕۆژئاواییدا بۆ یەکەم جار هەندێ هێمان و ڕەهەند و لایەنی ڕیالیستیی تێدا وەبەرچاو دەکەوێت. لە ئەدەبی ئینگلیسیشدا جێفری چاوسێر یەکەم دانەرێکە لە بەرهەمەکانیدا و بە تایبەت لە چیرۆکەکانی کانتێربێری‌دا کە بە شیعر دایڕشتوون بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی واقیعیخوازانە مامەڵە دەکات.

پاش ئەو ئایدیالیزمەی ڕۆنێسانس و لە دوای ئەو هەست و جۆشەی سەدەگەلی پانزدە و شانزدە، لە سەدەی هەژدەهەمدا هێدی هێدی لەبەر گەورەبوونەوەی شارەکان و پێشکەوتنی زانست و بە هۆی گۆڕانکاری لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، ڕیالیزم سەرهەڵدەدا.

ساڵی ١٧١٩ ئەو ڕێککەوتەیە کە هەمووومان دەزانین تێیدا ڕابینسۆن کرووزۆ لەدایکبوو. هەرچەند تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەم شەڕە بەردەوامە کە گەلۆ دۆن کیشۆت بەرهەمێکی تەواو ڕیالیستییە یان نا. لێرەدا من لەو پرسە ناکۆڵمەوە و دێمەوە سەر باس‌کردنی درێژەی ڕەوتەکە، واتە سەدەی نۆزدە لە کۆمەڵگای ڕۆژئاواییدا: لەم قۆناغەدا بە هۆی شۆڕشی پیشەسازانە و بەرهەم‌هێنانی بەلێشاوەوە و لەبەر ئەوەی کە کارگە جیاجیاکان و بە تایبەت کارگەکانی تواندنەوەی ئاسن لە دەوروبەری لەندەن و پاریس و شارە گەورەکاندا دامەزران ژینگە و کەشێکی پیس و ناشیرین بە هۆی دووکەڵ و زبڵی کارگاکانەوە سیمای جوان و سروشتیی شارەکانی تێکدا و هەر بۆیەش هەندێ ڕێبازی دژەواقیعی‌خوازانەش سەریانهەڵدا کە هێماخوازی، پارناسیانیزم، هونەر بۆ هونەر و بزوتنەوەی «لەناوچوون» نموونەکانی ئەو چەشنە بزاڤانەن. لە هەمبەر بزاڤی گشتگیری واقیعی‌خوازیدا، دژەواقیعی‌خوازی وەکوو دژکردەوەیەک لە کۆتایی سەدەی نوزدەدا پێک‌هات و زیاتر لە ژانرەکانی تر وەک شیعر، شانۆنامە و شێوەکاریدا ڕەنگی دایەوە. دژەواقیعی‌خوازیی ئەدەبی گەر لە ڕۆمانیشدا بەکارهێنرابا، تەنها گرنگی دەدایە هەندێ ژێرچەشنی تایبەت وەک ڕۆمانی گۆتیک.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا بۆ یەکەم جار توێژێکی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدا کە ئۆلیڤێر تویست ناسراوترین نوێنەری ئەو توێژەیە. ئەو ژینگەیەی ئۆلیڤێر تێیدا پەروەردە دەبێت دواتر بوو بە هەوێنێک بۆ داڕشتنی ڕۆمانی سروشتی‌خوازانە، کە درێژەی ڕەوتی

واقیعیخوازییە بەڵام بە ئاوڕدانەوەی زیاترەوە لە دەستکەوتە زانستییەکانی ئەو سەردەمە و نەخاسما زیندەوەرناسی، زەویناسی و کۆنینەناسی. ئەدەبی چیرۆک لەم قۆناغەدا ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی زانستەوە و هەر بۆیەش لە ڕۆمانی واقیعیخوازانە و سروشتیخوازانەدا مامەڵەکان بابەتیانەن و گۆشەنیگاکانیش سێیەم کەسن نەک تاکەکەسی و زەینی. لە پاڵ ئەمەشدا، ڕاستە ڕوانگەی ئایینی ڕوو لە کزی دەکات بەڵام هێشتا هەر زاڵە. کۆمەڵگای کشتیاریی جوان و خاوێن ئەگۆڕدرێ بۆ ئەو کۆمەڵگا مۆدێرنەی لە لایەکەوە پیشەسازی تێیدا دەوری سەرەکی دەگێڕێ و مۆرکێکی ناشیرینی بەخشیوەتە سروشتی دەرەکی و ژینگەی کۆمەڵایەتی و، لە لایەکی تریشەوە، کۆمەڵێ چین و توێژی تازەی تێدا گەشەی کردووە.

ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە سەردەمی گەشاوەیی چینی ناوەڕاستە. ڕێبازی واقیعیخوازی و چەشنی ئەدەبی چیرۆک، هی ئەو چینەیە و سەبارەت بەو چینەیە. خوێنەری ئاسایی لەو قۆناغەدا تا دێت ژمارەی ڕووی لە زیادبوون دەکات، بە تایبەت خانمان کە بە هۆی گشتگیربوونی پەرەوەردە ئاستی خوێندەوارییان چووە سەر و هاوکات بۆ یەکەم جار دەیانتوانی لە چێشتخانەی ماڵەکانیاندا ئەو ئامێرانە بەکاربێنن کە بەرهەم و ئاکامی کارگەکانی تواندنەوەی ئاسن بوون و ئەمەش ئەرکی ناوماڵی بۆ وان کەمکردبووەوە. پەروەردە بوو بە فەرمانێکی حکومی و، مۆرکێکی سەرتاسەریی لەخۆ گرت. پێوەندییە کۆمەڵایەتییە سونەتییەکان ئەگۆڕدرێن بۆ پێوەندییە مۆدێرنەکان. ئەم گۆڕانکاریانە لە ماوەی کەمتر لە نیو سەدە

www.kurdishbookhouse.com

ڕوودەدەن و کۆمەڵگای کشتیاری و سیستەمی فەرهەنگی نەریتەوان و ڕۆمانتیزمی ئەدەبی و هونەری و تەنانەت فەلسەفیش جێگای خۆیان دەدەنە کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و پیشەسازانە بە مۆرک و کێشەی هاوچەرخەوە. لەم ساتەوەختەدا واقیعیخوازی دەگاتە تەشقی خۆی. بەناوبانگترین نووسەری ڕیالیست لە ئەدەبی جیهاندا، واتە بالزاک، هاوتەریب و هاوئاهەنگ لەگەڵ نووسەرە ئینگلیسییەکاندا، وەک جۆرج ئێلیۆت، چارلز دیکێنز، ئانتۆنی ترۆلێپی و ویلیام تاکێری، هاوتەریب لە ڕووی ڕێبازی ئەدەبییەوە لەگەڵ نووسەرانی ڕووسیە، وەک گوگۆل و هەتا دوایی، سەرلەبەر توانییان سامانێکی دەوڵەمەندی چیرۆکی واقیعیخوازانە پێکبهێنن کە دەوری بنەڕەتێکی قایم و بنەمایەکی بەرفراوان بۆ ئەدەبی دواتر بگێڕێ. ڕێبازە ئەدەبییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەدەی بیستەم، هەر کامیان بە شێوەیەک لەسەر بنەمای ئەو سامانە داڕێژراون، با ئەگەر لە فۆرم و تەکنیکی گێڕانەوەشدا بەرهەڵستی ببنەوە.

## واقیعیخوازی و ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لە ئەدەبی چیرۆکی فارسی، تورکی، عەرەبی و کوردیدا ڕیالیزم وەکوو ڕێبازی زاڵی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم دەردەکەوێت و چەندین نووسەری ناسراوی واقیعیخواز لە ئەدەبی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەست دەکەن بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان. ڕیالیزم لەم قۆناغەدا تەنها ڕێبازێکی ئەدەبی نییە بەڵکوو بەستێنێکە بۆ دەرخستنی گوتاری زاڵی ئایدیۆلۆجیکی ئەو سەردەمە. خوازیاری و

www.kurdishbookhouse.com

داگەڕانی ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە بەرەو لای بیری چەپ وەک بزاڤێکی لە ڕوانگەی ئەوانەوە دنیاداگر وزەیەکی زیاتری بەخشی بە نووسەرانی واقیعیخواز.

ئەو تایبەتمەندییانەی قوتابخانە و ڕێبازە ئەدەبییە ڕۆژئاواییەکان کە ئاماژەم بۆ کرد لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری ئاشکرا نابیندرێ کە گرنگترینیان برێتین لە بەستێنی کۆمەڵایەتی و سیستەمی فەرهەنگی و پاشخانی فیکریی جیاواز. ڕاستە دەکرێت بە ساناهی باس لە واقیعیخوازیی ئەدەبی و هونەریی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، بەڵام پۆلێنبەندییەکان بە تایبەت سەبارەت بەو ڕێبازە ئەدەبیانەی سنووردارتر و گچکەترن، وەک پێشڕافائێلیزم و جوانیناسیخوازی و یاخود داهاتووخوازی و چەند ڕێبازێکی تری لەم چەشنە، بە هیچ شێوەیەک لەوانەی ئەدەبی ڕۆژئاوایی ناچن. لە ڕیالیزمدا، بەڵام، تا ڕادەیەک بابەتەکە دیارترە. واتە دەتوانین بە شێوەیەکی ڕێکوپێک هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ڕەوتی گەشەی واقیعیخوازی لە ئەدەب و هونەری ئەو گەلانەدا شرۆڤە بکەین.

لە ڕێبازە ئەدەبییەکاندا، کە ژمارەشیان زۆرە، دەتوانین بڵێین سێ دانەی یەکەمیان، واتە کلاسیزم و ڕۆمانتیزم و ڕیالیزم، لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتیشدا دیاریدەکرێن. هەرچەند زۆر سەختە، بۆ نموونە، لە شانۆنامەی فارسیدا دەقێک بدۆزینەوە کە وەکوو شانۆنامەیەکی دەربڕینخوازانە ناوی لێبەرین، گەرچی ئاسان نییە لە شێوەکاریی

www.kurdishbookhouse.com

تورکیدا تابلۆیەک بدۆزینەوە و بڵێین تەواو ئەمپریسیۆنیستییە، گەرچی ئەستەمە کورتە چیرۆکێکی کوردی بدۆزینەوە و بڵێین بە تەواوی سروشتیخوازانەیە، بەڵام دەکرێت تا ڕادەیەک تایبەتمەندییەکانی کلاسیزم و ڕۆمانتیزم و ڕیالیزم نەک هەر لە ئەدەبی کوردیدا بەڵکوو لە ئەدەبی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەستنیشان بکەین. ماوەی نێوان دوو شەڕی جیهانی هاوکاتە لەگەڵ کۆتاییەکانی کلاسیزم و سەرهەڵدانی ڕۆمانتیزم لە ئەدەب و بە تایبەتی شیعری گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام ڕیالیزم لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا و زیاتر لە ئەدەبی چیرۆکدا توانی جێگە و پێگەیەکی قایم بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

## چیرۆکی کوردی و چینی ناوەڕاست

لێکدانەوەی جێگە و پێگەی چینی ناوەڕاست و هۆکارەکان و لێکەوتەکانی پەرەسەندنی، لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییە کوردییەکاندا بزرە. سەرهەڵدان و گەشەی چینی ناوەڕاست لە کۆمەڵگای کوردیدا هاوتەمەنی مێژووی ڕۆژنامەوانی و چاپەمەنی و دواتر ئەدەبی چیرۆکی کوردییە. ڕەوتی گەشەی چینی ناوەڕاست لە پارچە جیاجیاکانی کوردستاندا جیاوازە و تا ڕادەیەکی زۆر بەندە بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسیی ئەو وڵاتانەی تێیدان. ئەو ڕەوتە لە کوردستاندا دەکەوێتە پاش گەشەی چینی ناوەڕاست لە شارە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

www.kurdishbookhouse.com

سەرهەڵدانی چینی ناوەڕاست لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا دیاردەیەکی نۆڕسکە و وا بڕیارە دواتر، واتە پاش نیوسەدە، لە شارە گەورەکاندا گەشە بکات. ژمارەی دانیشتوانی لەندەن لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا لە حەوت مێلیۆن نزیک دەبێتەوە و دانیشتوانی پاریس لەو قۆناغەدا لە سەرووی چوار مێلیۆنن. ڕۆژنامەکان لە ئۆرووپای سەدەی نۆزدەدا بە باشترین شێوە دەوری خۆیان دەگێڕن. هەر لەو سەردەمەدا لە تاران تازە بە تازە چاپەمەنی لە ڕواڵەتی ڕۆژنامەدا دەردەکەوێت. ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی لەو سەردەمەدا دە هەزار کەسە و لە سەرتاسەری کوردستاندا تەنانەت یەک چاپخانەش نەبووە. پەروەردە و خوێندن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە چارەکی دووەمی سەدەی بیستەم بەم لاوە ڕواڵەتی تا ڕادەیەک سەرتاسەری دەگرێتە خۆی و ڕێژەی خوێندەواری لە خوارەوەیە، بە تایبەت لە کوردستان و نەخاسما لە نێو ژناندا. ئێمە هەمووومان ئاگاداری تەقالای کەسانێک وەک موفتی پێنجوێنی و مەلای گەورە و دواتر قانع و فایەق بێکەس هەین کە هەوڵیان دەدا قەناعەت بە خەڵک بهێنن کوڕ و کچەکانیان بنێرن بۆ قوتابخانە.

نەک هەر لە ئەدەبی کوردیدا بەڵکوو لە سەرجەم ئەدەبی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، ڕێک بە پێچەوانەی وێژەی ڕۆژئاواییەوە، ڕیالیزم تازەیە، کورتە، سنووردارە و پاشخانێکی بەرفراوان و تێروتەسەلی نییە. ئەگەر تەمەنی ڕیالیزم لە ئەدەبیاتی فەڕانسی و ئینگلیسیدا تا بەر لە دەستپێکی سەدەی بیستەم لانی کەم دوو سەد ساڵ بێ، تەمەنی ڕیالیزم لە ئەدەبیاتی فارسی و کوردیدا تا بەر لە سەدەی بیستەم

www.kurdishbookhouse.com

نزیکە لە سفر. لە ئەدەبی فارسیی سەدەی بیستەمدا ئەو تەمەنە دەگاتە پەنجا ساڵ، واتە لە ١٩٢٠ەوە بۆ ١٩٧٠. لە ئەدەبی کوردیدا ڕەوتەکە پچڕپچڕ و لێکترازاویشە. بەراوردی ژمارەی دانیشتوان و چاپەمەنییەکان و دۆخی فەرهەنگی و سیستەمی پەروەردە و هەلومەرجی ئابووریی و کاروانی پیشەسازانە لە تاران، ئێستانبوڵ، ئانکارا، دیمەشق، بەغداد و قاهیرە لە لایەکەوە و شارە گەورەکانی کوردستان لە لایەکی ترەوە زۆر خاڵی سەرنجڕاکێشمان سەبارەت بە گەڕیانی لەسەرخۆ و هێواشی گەشەی چینی ناوەڕاست بۆ ڕوون دەکەنەوە.

ئەو ڕەوتەی کە ناوی دەنێین ڕەوتی ڕووبەڕووبوونەوەی کورد لەگەڵ مۆدێرنیتەدا و هاوکاتە لەگەڵ گەورەبوونەوەی شارەکان، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەست پێدەکات. بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیستەمی فەرهەنگیی حەڵەبجەی پێش دەسەڵاتی عادڵە خانم هاوئاهەنگە لەگەڵ شیعری تاهیر بەگ، کەچی دواتر ئەحمەد موختار بەگ دەبێتە نوێنەری دەنگی نوێ. حەڵەبجەی تاهیر بەگ گوندێکی بچووک و پێشمۆدێرنە و بە تەواوی لە قۆناغی کشتیاریدایە و زۆربەی دانیشتوانی لە چینی سەروو و خواروو پێکهاتوونە. تاهیر بەگ شاعیرێکە سەر بە ڕێبازی کلاسیزم و بە هیچ شێوەیەک ئاوڕ لە نوێخوازیی ئەدەبی ناداتەوە. بەڵام حەڵەبجەی ئەحمەد موختار شارە، بازاڕ و دووکان و حەمام و قوتابخانەی لێیە. ئەگەرچی ئەو دوو برایە لە ڕووی تەمەنەوە چەند ساڵێکیان لە نێواندا بوو، بەڵام باشترین نموونەن بۆ گۆڕانکارییە فەرهەنگی و تەنانەت فیکرییەکان لە

کۆمەڵگای شارستانیی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمی کوردستاندا. ئەو سلێمانییەی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا نفووسەکەی دە هەزار کەس بوو و یەک چاپخانەشی لێ نەبوو، ژمارەی دانیشتوانی لە نزیکەی شەڕی جیهانی دووەمدا لە سەد هەزار کەس نزیک دەبێتەوە و چەندین ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی تێدا چاپ دەکرێت.

لە کوردستانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە شێوەیەکی لەسەرخۆ و هێمنانە چەشنە ئەدەبییەکان و ڕوانینە فەرهەنگییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گوڕانکارییان بەسەردا دێت. لە ئەدەبی کوردیی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستدا دواچۆڕی کلاسیزم لە وێژەی کرمانجی و کوردیی ناوەندیدا زاڵە و ئەدەبی گۆرانیش بە خێرایی ڕوو لە داکشان دەکات. لە لایەکی ترەوە، پیشەسازیی چاپ سەری هەڵداوە، حیزب دامەزراوە، یەکەم دەرکەوتەکانی سوبژێکتیڤیتەی مۆدێرن لە فیکر و ئەدەب و سیاسەتدا دەبینرێن. چاپخانە دەوری بەرچاو دەگێڕێ لە برەوپێدانی خوێندەواری و بڵاوکردنەوەی بیری نوێدا. حسێن حوزنی موکریانی لە ڕواندز و پیرەمێرد لە سلێمانی و ئایەتوڵا مەردۆخ لە سنە چاپخانەیان داناوە. بەڵام هێشتا هەندێ هێمانی مۆدێرنیتە وەک «تاکایەتی»، «تەکووزیی مۆدێرنی کۆمەڵایەتی»، «پیشەسازی»، «پەروەردە»، «چاپەمەنیی پێشکەوتوو»، «ئابووریی نوێ» و هتد لە جڤاتی کوردیدا گەشەی نەکردووە. ئەگەرچی هاوکات سەرهەڵدانی دەزگا مۆدێرنە حکومییەکان و پیشە تازەکانیش دەور دەگێڕن لە گەشەی چینی ناوەڕاستی جڤاتە کوردییەکاندا، بەڵام ئەم ڕەوتە ڕواڵەتێکی سەرتاسەری، بەربڵاو و

www.kurdishbookhouse.com

گشتگیری لەخۆ نەگرتووە. هەر بۆیەش، هەستی جوانیناسانەی خەڵکی ئەو سەردەمەش بە گۆڕانکاریی خێرای بەسەردا نەهات و تام و چێژی لە ئەدەبی نوێ وەرنەدەگرت. ڕاستە ئەدەبی گێڕانەوەیی نوێی کوردی دەرئەنجامی گەشەی چینی ناوەڕاستە، بەڵام بە شێوەیەکی سنووردار و پچڕپچڕ پەرە دەسێنێت و ناتوانێ مۆرکێکی بەرفراوان بگرێتە خۆی.

## لە شیعری ڕۆمانتیکەوە بۆ چیرۆکی واقیعیخوازانە

ئەدەبی کوردی لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا مۆدێرنیستی نییە بەڵام لەژێر کاریگەریی مۆدێرنیتەدایە. پێوەندییەکی دوولایەنە و ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی کوردی و ئەدەبی چیرۆکی کوردی، بە تایبەت لە ڕووی شێوازی نووسین و جۆری بەردەنگ و ناوەرۆکەوە. بەردەنگ چینی تازەسەرهەڵداوی ناوەڕاستە و شێوازەکە لە هەوڵدایە بۆ نزیکبوونەوە لە پەتیگەری و ناوەرۆکەکەش بریتییە لە گرنگیدان بە کێشە واقیعییە هەنووکەییەکانی ئەو قۆناغە. نەبوونی نڤیسارێکی تۆکمە و بەربڵاو لە ڕواڵەتی پەخشاندا هۆکارێکی تری گرنگە بۆ ئەو دابڕانە کە دەکرێت وەکوو گەشەی پچڕپچڕ لە قەڵەم بدرێت. لە ڕووی فیکری و هزریشەوە، نوێبوونەوەی ئەدەبی کوردی بەدیدەکرێت، بەڵام هێشتا لە ڕووی فۆرمەوە نەگەیشتۆتە نوێخوازی. بێجگە لە هەندێ نموونەی ئاوارتە و دەراویتە لە چیرۆکی کرمانجیی ناوەندی و چیرۆک و شانۆنامەی کرمانجیی سەروودا، ئەدەبی کوردیی ئەو قۆناغە بە

نوێخوازانە ناوبردە ناکرێت. چینی ناوەڕاست بە تەواوی گەشەی نەسەندووە و هەر بۆیەش نموونەکانی دواچۆڕی کلاسیزمی کرمانجیی ناوەندی هەر لە چالاکیدان و خوێنەری زۆریشیان هەیە (حەمدی، ناری، بێخود، سافی، ئەسیری، کەمالی و عەونی لە باشوور و مەلا مارف، مەلا غەفوور، سەید کامیل، خاڵەمین و تەنانەت دواتر هاشمی و حەقیقی لە ڕۆژهەڵات). هەژار و هێمن و هێدی بە تەواوی لە ژێر کاریگەریی مۆدێرنیتە و بیری نوێی ئەو سەردەمەدان، بەڵام بەرهەمیان لە ڕووی فۆرمەوە بە نوێخوازانەی ئەدەبی ناژمێردرێ.

هەلومەرج و دۆخی دواچۆڕی کلاسیزمی ئەدەبی کرمانجی جیاوازە، چونکە لە باکوور گەرچی هەوڵی زۆر باش بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی لە پێناوی نوێخوازیدا درا، بەڵام ئەو شەپۆلە جیدییە پاش ١٩٢٣ و بە هۆی مۆنۆپۆلیزمی کەمالییەوە بۆ ماوەی نزیکەی نیوسەدە دامرکایەوە. باشترین نموونە لێرەدا عەبدوڕەحیم ڕەحمی هەکاری و ئەو شەپۆلە نوێخوازانەیەی بڵاوکراوە کوردییەکانی ئێستانبوڵن لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا. هەر دوو ڕەوتەکە، واتە دۆخی ئەدەبی لە کرمانجیی سەروو و ناوەندیدا، لە ئەنجامدا لە وێستگەی ڕومانتیزمی ئەدەبیدا دەگیرسێنەوە (عەبدولا زێوەر، عەبدوڵڵا بەگی بابان دڵدار، شێخ نووری، ڕەشید نەجیب، گۆران و بەختیار زێوەر لە باشوور؛ سوارە، هاوار و هاوڕێیانیان لە ڕۆژهەڵات؛ ئەحمەد ناڵبەند، قەدری جان و عوسمان سەبری و دواتر جگەرخوێن لە ڕۆژئاوا). ئەو گوتارە ئەدەبیانەی سەرەوە، وێڕای کاریگەریی دەرەکی و گۆڕانکاریی سیاسی و فیکریی لە کۆتایی چلەکان و پەنجاکان و شەستەکاندا،

www.kurdishbookhouse.com

سەرلەبەر ڕێخۆشکەر بوون بۆ سەرهەڵدانی واقیعیخوازیی ئەدەبی لە ڕواڵەتی ژێرچەشنەکانی ژانری چیرۆکدا.

هەرچەند دەستەواژەی «شیعری سەربەست» بۆ یەکەم جار لە ژمارەی ٥٩٧ی رۆژنامەی ژین لە ١٩٤٠دا بە کار هێنرا و ئەمەش بە واتای ئەوەیە شیعری رۆمانتیک لەو قۆناغەدا بە تەواوی ڕەگی داکوتاوە و خۆی مسۆگەر کردووە، بەڵام خێرا واقیعیخوازی لە گوتاری ئەدەبیی کوردیی ناوەڕاستی سەدەی بیستدا دەبێت بە بابەتی زاڵ. پەڕینەوە لە رۆمانتیزمەوە بۆ ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا زۆری نەخایاند. هەر ئەم دۆخە لە گوتاری ڕۆشنبیری و سیاسیشدا دەبینرێت. عەرەبێ شەمۆ پێش هەمووان بە شێوەیەکی بەرفراوان دەستی پێکردبوو، زیاتر بە حوکمی نزیکایەتیی وی لە یەکێک لە مەکۆ سەرەکییەکانی پەرەپێدەری واقیعیخوازیی کۆمەڵایەتیخواز، واتە ئەدەبی ڕووسیی ژێر دەسەڵاتی ستالین.

ئەو کۆبوونەوە بەرفراوانەی لە ساڵی ١٩٣٤دا و بە ناوی «کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی سۆڤیەت» بە ڕابەرایەتیی مەکسیم گۆرکی و لە ژێر چاودێریی ستالین بەسترا، باندۆری بەرچاوی لە ئەدەبی جیهان بە گشتی و ئەدەبی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کوردیشەوە بە جێهێشت. پێکهاتنی چەندین یەکێتیی نووسەران لە ئەدەبی فارسی و کوردی و عەرەبیدا بە داگەڕانی چەپخوازانەوە یەکەم لێکەوتەی گرنگی ئەو کۆنگرەیە بوو. جێگای سەرنجە کە شەپۆلەکە هێندە بەهێز بوو کە تەنانەت نووسەرێکی نوێخواز وەک سادق هیدایەت کە ناواخن و

www.kurdishbookhouse.com

شێواز و ڕوانینی بەرهەمە دواییەکانی ناتەبا بوون لەگەڵ ڕاسپاردەکانی ئەو کۆنگرەیە، بۆ ماویەک گیرۆدەی بوو. زۆربەی ئەو خوێندکارە کوردانەی سۆڤیەتی جارانیش لە ژێر باندۆری هەمان گوتاری ئەدەبی و ئایدیۆلۆجیکدا بوون. مژاری تێزی دوکتۆرای توێژەرانێک وەک مارف خەزنەدار، عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ و کەریم ئەیووبی بۆ ئەدەبی واقیعیخوازانەی کوردیی ئەو سەردەمە تەرخان کرابوون.

لە دەڤەری شیعریشدا تەنانەت گۆران کە پێشتر وەک ڕابەری ڕۆمانتیزم دەرکەوتبوو باسی ئەو تێپەڕین و گواستنەوەیە ئەکات کە لە کلاسیزمەوە بۆ ڕۆمانتیزم و پاشان لە ڕومانتیزمەوە بۆ ڕیالیزم دێتە ئاراوە. ئێمە واقیعیخوازی وەکوو دوا وێستگەی کاری ئەدەبیی گۆران لە قەڵەم دەدەین، هەرچەند بایەخ و گرنگایەتیی گۆران بۆ وێستگەی دووەم ئەگەڕێتەوە کە ڕۆمانتیزمە، بەڵام بۆخۆی وتوویەتی و ئێمەش هەر وای بۆ دەچین کە ئەو لە ئەنجامدا گەیشتە وێستگەی سێهەم، واتە ڕیالیزم. زۆرن ژمارەی ئەو توێژەرە کوردانەی بە ساناهی باسی شیعری ڕیالیستی دەکەن و لەم ڕووەوە ئێمە بووین بە بەردی لە ئاگر گەرمتر. واتە، لە ئەدەبی زۆربەی گەلاندا زۆر بە دەگمەن ئاماژە بۆ دەستەواژەی «شیعری واقیعیخوازانە» دەکرێت، کەچی لە توێژینەوەی ئەدەبی کوردیدا زاراوەیەکی فرەپاتە. هەر بە هەمان شێوە، دەستەواژەی «ڕۆمانی ڕۆمانتیک» لە باسوخواسە ئەدەبییەکانی وێژەی جیهاندا زاراوەیەکی نامۆیە، کەچی هەندێ توێژەری کورد سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی دەبەستنەوە بە ڕۆمانتیزمی ئەدەبییەوە.

www.kurdishbookhouse.com

ئەو دوو دەستەواژەیەی سەرەوە، واتە «شیعری واقیعی‌خوازانە» و «ڕۆمانی ڕۆمانتیک»، بە تەواوی دژوازاوین و بەندە تا ئێستا لە یەک نووسینی ئینگلیسیدا زاراوەی وام وەبەرچاو نەکەوتووە و بەڵکوو پێچەوانەکەی ڕاستە، واتە «شیعری ڕۆمانتیک» و «ڕۆمانی واقیعی‌خوازانە». لە هەندێ دەقی کوردیدا زاراوەی «ڕیالیزمی رۆمانتیک»-یشم وەبەرچاو کەوتووە کە مەبەست ئەو چیرۆکەیە کە بە ڕواڵەت واقیعی‌خوازانەیە بەڵام بە شێوەیەکی حەماسی و قارەمانپەروەر و بە هەست و جۆشەوە گێڕانەوەکە دەباتە پێشی.

لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسیانەدا واقیعی‌خوازی وەک بزوتنەوەی هەڤگرتوو و گشتگیر و خاوەن بەردەنگ لە ناو توێژی ڕۆشنبیراندا دەرکەوت. شەپۆلەکە هێندە گشتگیر بوو کە تەنانەت هەندێ توێژەری ئەدەبیش وەک عەلائەدین سەجادی لە هەمیشە بەهار و حسێن حوزنی لە «سەپان و جوتیار»دا دەستیان کرد بە نووسینی کورتە چیرۆک لەسەر ڕێبازی ڕیالیستی. تەنانەت کەسێکی وەک پیرەمێرد-یش هەمان ڕێچکەی تاقی‌کردبووەوە، بە تایبەت لە چیرۆکی «ئاواتی دڵ»دا (١٩٣٣). هەر لەم سەردەمەدا بۆ یەکەم جار وەرگێڕانی بەرهەمی بیانی بۆ کوردی کەوتە ڕۆژەڤەوە و تا دەهات ژمارەی بەرهەم وەرگێڕدراوەکان زیاتر دەبوو. پیرمێرد لێرەشدا دیسانەوە دەوری پێشەنگ دەگێڕێ و کورتە چیرۆکی «کەمانچەژەن» لە تورکییەوە وەردەگێڕێ.

www.kurdishbookhouse.com

هەر لەو قۆناغەدا دوو گۆڤاری گەلاوێژ و هاوار بوون بە مەکۆیەکی ناوخۆیی بۆ گەشەی ڕیالیزمی کوردی. پێشتر جەمیل سائیب لە باشووردا بە هۆی نووسینی «لە خەوما»وە (١٩٢٥) توانیبووی ڕچەکە بشکێنێ و شێوەیەکی سەرکەوتووی خۆماڵیانە لە تێکەڵکاریی هەر دوو ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە و کۆمەڵایەتیخواز پێشکەش بکات. ئەحمەد موختار-یش لە نۆڤلێتی مەسەلەی ویژدان یان چۆن بووم بە خانەدان (١٩٢٧، چاپی ١٩٧٠) زەمینەی لەبارتری بۆ گەشەی واقیعیخوازیی ئەدەبی ڕەخساندبوو. پاشان، سێ بەشی نازدار یا کچی کورد لە لادێ، نووسینی محەمەد عەلی کوردی، لە گۆڤاری ڕووناکی لە ساڵی ١٩٣٦دا بڵاوکرایەوە و گرنگایەتییەکەی زیاتر بە هۆی شێوازی نووسین و وشەبژێرییەوەیە تاکوو بە بۆنەی فۆرم و تەکنیکەوە بە گەڵاڵە و کەسایەتیپەروەراندنیشەوە. لە بیرمان نەچێ کوردی یەکێک بوو لە نووسەرانەی دەوری بەرچاوی گێڕا لە بزاڤی پەتیگەریی پەخشانی کوردیدا و لەم هەوڵەشیدا سەرکەوتوو بوو. لەم بزاڤە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەدا شاکر فەتاح دەوری بەرچاوی دەگێڕا چ وەک یەکێک لە پەرەپێدەرە سەرەکییەکانی پەخشانی پاراوی کوردی و چ وەک چیرۆکنووس و وتارنووس و خاوەن بەرهەم لە ئەدەبی منداڵاندا.

ڕیالیزم وەکوو ڕێبازی ئەدەبی و شێوازی نووسین لە ژانی گەلدا (١٩٥٦، چاپی ١٩٧٢) گەیشتە لووتکە. بەر لەم بەرهەمانە و هاوکات لەگەڵیان، نووسەرانێک وەک مارف بەرزنجی، موحەڕەم محەمەد ئەمین، حسێن عارف، مستەفا ساڵح کەریم، جەماڵ بابان، جەلال میرزا

کەریم و جەماڵ شارباژێڕی لەسەر هەمان ڕێباز بە جیاوازیی تاکەکەسییەوە پەرەیان بە چیرۆکی واقیعیخوازانەی کوردی دا. هەر لەو سەردەمەدا جەماڵ نەبەز و تەنانەت گۆران-یش چەندین کورتە چیرۆکی ڕیالیستییان بۆ کوردی وەرگێڕابوو. وەرگێڕانی ڕۆمانێکی وەک پیرەمێرد و زەریا دواتر لە حەفتاکاندا لە لایەن شێرکۆ بێکەس-ەوە بە درێژەی هەمان دنیابینی و ڕێبازی ئەدەبی دادەنرێت.

لە ئەدەبی گێڕانەوەیی نوێی پارچەکانی تری کوردستاندا، واقیعیخوازی زووتر گەشەی سەندبوو. ئێمە مەمنوونی عەرەبێ شەمۆین، بەڵام قەرزداری حەسەن قزڵجی-ن. شەمۆ گەرچی خاوەنی چەندین بەرهەمی ڕیالیستییە، بەڵام ئایدیۆلۆجیی بە لاوە گرنگتر بوو. قزڵجی گەرچی سەر بە هەمان ئایدیۆلۆجی بوو، بەڵام زیاتر گرنگی دەدایە هونەری چیرۆکنووسین. شەمۆ لە چیرۆکەوە بەرەو ئایدیۆلۆجی هەنگاوی هەڵدەگرت، قزڵجی بە پێچەوانەوە لە ئایدیۆلۆجییەوە بۆ چیرۆکی کوردی هەنگاوی دەهاویشت. شەمۆ سامانێکی ئایدیۆلۆجیکی بە زمانی کوردی بۆ بەجێهێشتین، بەڵام قزلجی زووتر لە هەمووان بایەخی دایە فۆرم و هەڤگرتوویی پێکهاتەیی، با ئەگەر فۆرم لە ڕوانگەی ئەویشەوە لە خزمەتی ناواخنی دنیاداگری بەرهەمەکانیدا بێت. گەر شەمۆ بە «باوکی ڕۆمانی کوردی» ناوبردە دەکرێت، دەکارین قزڵجی وەکوو «مامۆستای چیرۆکی کوردی» لە قەڵەم بدەین. پێشمەرگە (١٩٦١) نووسینی ڕەحیم قازی و بەرهەمی چیرۆکی عەلی حەسەنیانی (هاوار) و بە تایبەت کارمامز (١٩٦٤؛١٩٨١) لەو نێوانەدان و ئاخێزگەیان هەر لەو ئاقارەدایە.



www.kurdishbookhouse.com

واقیعی‌خوازی لە ئەدەبی کوردیدا زیاتر بایەخی دەدایە ناوەرۆک و، ژێرچەشنەکانی ئەدەبی چیرۆکی وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی واتا بە کار دەهێنا. هەر بۆیەش، لە زۆربەی نموونەکاندا فۆرم و پێکهاتە و تەکنیکی گێڕانەوە خراونەتە پەراوێزەوە. گەر نووسەرانی ڕیالیستی ڕۆژئاوایی چیرۆکی واقیعی‌خوازانەیان لە پێگەی هونەرێکی خاوەنی سیستەمی جوانیناسانەی تایبەت بە خۆی پێناسە دەکرد و خوێنەرانیش تاموچێژیان لێ‌وەردەگرت، لە ڕیالیزمی کوردیدا ڕەوشەکە جیاوازە و لێرەدا ئایدیۆلۆجی دزەدەکاتە نێو دەقەکەوە و ئەمەش لە باری هونەریی بەرهەمەکە کەم دەکاتەوە. لە لایەکی ترەوە، بڕیار نییە چیرۆکی واقیعی‌خوازانە بە شێوەیەکی هەستەکی و هەستەوەرانە لەگەڵ بابەتی بەرباسدا مامەڵە بکات و ڕوانینەکە و وێنەسازییەکان پێویستە تەواو بابەتیانە بن، کەچی پڕانیی نووسەرانی ڕیالیستی کورد لەم ئەرکەیاندا سەرکەوتوو نەبوونە. ڕەنگە گرنگترین جیاوازی ئەوە بێت ڕیالیزم لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا بیرۆکە نەتەوەخوازانەکانی بەجێ‌هێشتبوو، کەچی نەتەوەخوازای لە ڕۆمانی واقیعی‌خوازنەی کوردیدا وەکوو پاڵنەر دەور دەگێڕێ لە سازبوونی گوتارێکی ئەدەبیی پڕجۆش و خرۆشدا. گوتاری ناسیۆنالیستی لە وێژەی ڕۆژئاواییدا یەکێکە لە بابەتە زاڵەکانی ئەدەب و هونەری ڕۆمانتیک، بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا بە هۆی لێکنزیکی و هاوتەریبی ڕۆمانتیزم و ڕیالیزمەوە هاتە نێو چیرۆکە واقیعی‌خوازانەشەوە.

www.kurdishbookhouse.com

## واقیعیخوازیی بەرتەسک و دژەواقیعیخوازیی بەرفراوان

نەریتی واقیعیخوازانەی ئەدەبی ڕۆژئاوایی خۆی لە بزووتنەوەیەکی گشتگیر، بەرفراوان، پلە بە پلە و هاوتەریب لەگەڵ ماتێریالیزمی زانستی و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا دەبینێتەوە، کە گرنگترینیان گەشەی بەرچاوی چینی ناوەڕاست و چوونەسەری ئاست و ڕێژەی خوێندەوارییە. چاپەمەنییەکان و بە تایبەت ڕۆژنامەکانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم هاوڕێ و پشتیوانی ئەدەبی واقیعیخوازانە بوون و پەروەردەش وا خەریکبوو پەیتا پەیتا ئەبوو بە کار و کردەیەکی سەرتاسەری و تەنانەت حکومەتیش. گەشەی پیشەسازی و سەرهەڵدانی پیشە و کەلوپەلە نوێکان لە لایەکەوە و گۆڕانکاری لە سیستەمی فەرهەنگیدا پاڵنەریکی سەرەکیی دیکە بوون بۆ بەرفراوانبوونەوەی ڕیالیزم.

لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی و لە ئەدەبی کوردی بە تایبەتی واقیعیخوازی چ وەک ڕێبازی ئەدەبی و هونەری و چ وەک دابینکەری دنیابینی و ڕوانگە، بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژئاوا تەمەنەکەی کورتتر و سنووردارترە. ڕیالیزم لێرەدا نەک هەر کورتمەودا و سنووردارە بەڵکوو لە نموونەی ئەدەبی کوردیشدا هەرچەند دەستپێکەکەی سەرنجڕاکێشە و هەوڵی زۆریش بۆ مسۆگەربوونی درا، بەڵام پچڕپچڕ و بەرتەسک بوو. لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا کوردی وەکوو زمان و ئەدەب دەرکەوتەیەکی لاوازی هەیە. لە باکوور زمانی کوردی بە تەواوی


www.kurdishbookhouse.com

قەدەغەیە و لە ڕۆژهەڵاتیش جۆرێک لە بێدەنگی و وێستاوی و سەرکوتکاری ئامادەیە و ئەوەی باوە شیعری کلاسیکی سۆفیگەرانە و شیعری سترانە و چاومان بە نموونەیەکی بەرچاوی واقیعیخوازیی ئەدەبی ناکەوێ.

گەرچی ڕۆشنبیرانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە باشوو و ڕۆژهەڵات و لە ناوچەی قەفقاز هەوڵی زۆریان دا بۆ پەرەپێدانی، بەڵام پەرەنەسەندوویی جڤاتی کوردی لە ڕووی ئابووریی و فەرهەنگییەوە، وێڕای شەڕ و کۆچ و بێدەرەتانی لەو کۆمەڵگایانەدا، تا ڕادەیەکی زۆر بەری بە هەوڵی ڕۆشنبیران گرت. ڕیالیزم کە تەنها پێویستی بە ئاستێکی مامناوەندیی خوێندەوارییە بۆ تێگەیشتن و، دوورە لە وشەکاری و شاراوەیی واتاکانی شیعری کلاسیستەوە، نەیتوانی جێگە و پێگەیەکی سەرتاسەری و مسۆگەر لە ناو جەماوەردا بۆ خۆی دابین بکات. خەڵکەکە لەو سەردەمەدا زۆربەیان نەخوێندەوار بوون یان کوردییان نەدەزانی و هەر ئەمەش هۆکار بوو بۆ دزەنەکردنی ئەو ئەدەبیاتە بە نێو قوژبنە جیاجیاکانی توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا.

ئەمە تەنها چارەنووسی واقیعیخوازی نەبوو. تەنانەت هەندێ شیعری ساکاری گۆران-یش هەر هەمان بەسەرهاتیان هەبوو. یەکێک لەو پرسیارانەی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا و سەبارەت بە شیعری پەنجاکان و شەستەکان دەیدرکێنین ئەوەیە کە بۆچی شیعری گۆران لە کۆمەڵگای کوردیدا ئەو کاریگەرییە خێرایەی نەبوو کە نیما یووشیج لە ئەدەبی فارسیدا بەجێیهێشت. کاریگەریی گۆران بە ڕەوتێکی

www.kurdishbookhouse.com

درێژخایەندا تێپەڕێ و لانی کەم پانزدە ساڵی خایاند تا تۆزێ شوێنپێی خۆی قایم بکات. سەرتاسەرینەبوونی پەروەردە و لاوازیی چاپەمەنییەکان و ڕێژەی کەمی خوێندەواری و، لە لایەکی تریشەوە، نەگۆڕبوونی سیستەمی فەرهەنگی و هەروەهاش کێشە سیاسییەکان سەرومڕ پێکەوە ڕێگر بوونە لە تەشەنەکردنی ئەو نوێبوونەوەیە لە ئەدەبدا، چ لە شیعری ڕۆمانتیکدا و چ لە چیرۆکی واقیعیخوازانەی قۆناغی دواتردا.

هەر ئەم جیاوازییە لە بەسەرهاتی ڕێبازێکی وەک ڕیالیزم لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و زیاتر لە ئەدەبی کوردیدا کۆمەڵێک دەرئەنجامی نەرێنیی لێکەوتەوە. واقیعیخوازی وەکوو فۆنداسیۆن، وەکوو بنەڕەت و بنەچە، چەندین لقوپۆپی لێ جیا دەبێتەوە. یەکێک لەو لقوپۆپانە سروشتیخوازییە و یەکێکی تریان نوێخوازییە. ئەگەر ڕیالیزم پتەو بێت، مۆدێرنیزمەکەش گەشاوەترە. هۆکارێکی سەرەکیی گەشاوەنەبوونی نوێخوازیی ئەدەبی لای ئێمە بەرتەسکی و کورتمەودایی و سنوورداربوونی واقیعیخوازی و دەرنەکەوتنی بەرهەمی دانسقەی واقیعیخوازانەیە، سەرەڕای لێکەوتەکانی ئەو بزاڤە گشتگیرەی لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کرد.

مێژووی ڕیالیزم لە ئەدەبی چیرۆکی کوردیدا کورت و سنووردارە و هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە چەندین کێشەی ئەدەبی ساز بێت. بۆ وێنە، چیرۆکنووسانی قۆناغەکانی تر، بە هیچ شێوەیەک گرنگایەتی بە بنەماکانی ڕیالیزم نادەن. کەشێکی تەژی لە ڕەشبینیی

www.kurdishbookhouse.com

مەعریفی بەبێ ئاماژە بۆ بەستێنی واقیعی، باڵی بەسەر زۆرینەی ئەدەبی چیرۆکی کوردیی کۆتایی سەدەی بیستەمدا کێشا و. ململانێی زەینی لە ڕواڵەتی مامەڵەی کافکایی و ڕوانینی بێکێتیدا لە چیرۆکی کوردیی ناوەندیی ئەو قۆناغەدا بە زەقی دەبیندرێت. نووسەرانی بەرباس دەیانزانی چی ئەیژن، بەڵام نەیاندەزانی چۆنی بێژن، هەر بۆیەش خوێنەریان کەم بوو. نووسەر ئاگاداری دەروونی کەسایەتییەکانە، بەڵام ناتوانێ ئەو دەروونە دراماتیزە بکات بۆ ئەوەی خوێنەریش بیناسێ. یان، گەر سەرکەوتوانە بتوانێ ئەو کارە بکات، خالە لاوازەکەی لەوەدایە گرنگی ناداتە شوێنکات. چیرۆکی کورد هەرچی زووتر لە ناوەرۆکی دنیاداگر و شوێنکاتی جیهانی و گشتییەوە بەرەو ناوەرۆکی و شوێنکاتی هەرێمی و ناوخۆیی دیاریکراو هەنگاو هەڵبگرێ باشترە. ئاخۆ تاکخوازی بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە چ جێگایەکی لە چیرۆکی کوردیی ئێستادا هەیە؟

ڕیالیزم نەک وەکوو ڕێبازێکی ئەدەبی بەڵام وەکوو بەستێن و بنەما پێویستە هەردەم ئامادە بێت. من لە هیچ شوێنێکدا نەمتووە لایەنگری واقیعیخوازیی ئەدەبی و هونەریم؛ بە پێچەوانەوە، لە وانەکانمدا بەردەوام باسی کەموکوڕییەکان و خاڵە لاوازەکانی ڕیالیزم دەکەم. مۆدێرنیزم فرەڕەهەندتر و چەندلایەنەتر و هەنووکەییتر و کەواتە گرنگترە لە ڕیالیزم. بەڵام نابێ خۆمان لەو خەزێنەیە نەبان بکەین؛ دەکرێت بە شێوەی تەوساوی ڕووبەڕووی ببینەوە. ڕیالیزم بنەڕەتە و دەبێ ڕەچاوی بکەین، بەڵام نەک وەک ڕێبازی ئەدەبی بەڵکوو لە پێگەی بەستێندا. لە ڕۆمانی یولێسیسدا ئەو هەموو



www.kurdishbookhouse.com

تەکنیکە مۆدێرنەی گێڕانەوە بەکار هێنراوە (وەک تێکەڵکردنی وشە و پۆرتمانتۆ، شەپۆلی زەین، پێکهاتەی بەراوەژوو و هتد) کەچی لە شوێنێکدا پێڕێستێکی کەلووپەل دەخوێنینەوە کە تێیدا زۆر بە وردی و بە شێوەیەکی واقیعی ئاماژە بۆ کەلوپەلی پێویستی ژیانی بنەماڵەیەکی دوبلینی کراوە. لێرەدا ڕێک دەزانین دووکانی فرۆشتنی کەلووپەلی ناو ماڵ لە ئیرلەندی سەدوبیست ساڵ لەمەوبەر بە چ شێوەیەک بووە و چی لێ بووە و نرخیان بە چەند بووە و ماڵێکی ئاسایی چەندیان پێویست بەو کەولوپەلانە بووە بۆ ژیانەی ڕۆژانەیان. لە بەرهەمی جۆیس، وولف، فاکنێر و زۆربەی نووسەرانی مۆدێرنیستی ڕۆژئاواییدا بە وردی ئاماژە بۆ ناوی شەقام و تەنانەت کۆڵانەکان، جۆری تەلارسازی، پۆشاک، خۆراک، کەشوهوا و و تەنانەت فۆلکلۆر و ئەدەب و موزیکی زارەکی دەکرێت. جۆیس بۆخۆی وتویەتی، گەر ڕۆژێک لە ڕۆژان دوبلین لەسەر نەقشە نەمێنێ دەتوانرێ بە گوێرەی بەرهەمەکانی وی سەرلەنوێ بنیاتبنرێتەوە.

مۆدێرنیزمێک ئەتوانێ بەرهەمی تۆکمە و سەرنجڕاکێش بخولقێنێ کە لەسەر بنەواشەی واقیعیخوازی دامەزرابێت نەک بە گوێرەی دەرکەوتەکانی دژەواقیعیخوازی. واقیعیخوازی تەبا نییە لەگەڵ ڕۆمانسدا، چونکە ڕۆمانس ژانرێکی پێش مۆدێرنە و هەندێ مۆرک و تایبەتمەندیی لەخۆ گرتووە وەک کەسایەتی و ڕووداوە نائاسایی و سەروو-سروشتییەکان، سروشتی دەرەکی، پێوەندییە نەریتیەکان، دەرکەوتنی کەسایەتی و وێنەی کلێشەیی، قارەمانخوازی، ئایدیالیزم، شیعرییەت وەکوو شێوازی نووسین تەنانەت گەر لە ڕواڵەتی

پەخشانیشدا بێت و پێکهاتەی دووجەمسەریی جڤاتە سونەتییەکان بە دوو چینی سەروو و خوارووەوە (واتە، دەربار و دیوەخان لە لایەکەوە و و لادێکان لە لایەکی ترەوە). چەندین ساڵ لەمەوبەر ئاماژەم بەو خالە گرنگە دەدا کە ژمارەیەکی بەرچاوی ڕۆمانە کوردییەکان بە گوێرەی ئەو تایبەتمەندیانەی سەرەوە بە ڕۆمانس دەژمێردرێن، تەنانەت هەندێ لەو ڕۆمانانەی سەرەوەش کە وەکوو ڕۆمانی ڕیالیستیی ناوم لێ بردن. لێرەدا دیسانەوە ئەو تێزەمان بۆ دەسەلمێنرێتەوە کە سنووری نێوان ڕۆمانتیزم و ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا بە زەقی دەرناکەوێت و تا ڕادەیەکش لێکئاڵاون. بەڵگەیەکی تری ئەم تێزە، ژمارەی بەرچاوی ئەو چیرۆکانەیە کە بە ڕۆمانی مێژوویی ناوزەد دەکرێن. بە پێچەوانەی ڕوانینی باو، ژمارەی زۆری ڕۆمانس و ڕۆمانە مێژووییەکان نەک هەر پیشاندەری گەشەی ئەدەبی چیرۆکی کوردی نییە، بەڵکوو دەربڕی ئاستی خواری پەرەنەسدوویی ئەو ژانرەیە لە وێژەی کوردیدا.

یەکێک لە لقە سەرەکییەکانی مۆدێرنیزم لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاواییدا لەسەر ڕیالیزم دامەزراوە. جەیمز جۆیس واقیعیخواز نییە بەڵام نوێخوازە، دژەواقیعیخوازیش نییە. نوێخوازییەکەی جۆیس ڕەگی لە ناو واقیعیخوازیدایە. جۆیس لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا زمانی نۆروێژی فێر دەبێت تا بتوانێ شانۆنامەکانی ئیبسن بە زمانی نۆروێژی بخوێنێتەوە، ئیبسن یەکەم شانۆنامەنووسی ڕیالیستی مێژوویی ئەدەبی جیهانە و خانووی بووکە شووشە (١٨٥٦) وەکوو سەرەتای ڕیالیزم لە شانۆدا ناوی لێ دەبرێت. جۆیس ڕۆمانی مادام بۆڤاری،

www.kurdishbookhouse.com

نووسینی گۆستاو فلۆبێر لەبەر دەکات، کە گرنگترین نووسەری ڕیالیستی فەڕانسایە. جۆیس ئەگەرچی دوو داهێنەری ڕیالیست ئەکات بە بنەڕەتێک بۆ خۆی و بەرهەمی، بەڵام بۆخۆی بە هیچ شێوەیەک ریالیست نییە. جۆیس مۆدێرنیستە، بە ئەنقەست و بە ئاگادارییەوە ئەو کارە دەکات. ڕاستە فاکنێر ئاماژە بۆ هیچ شارێکی واقیعیی ئەمریکا ناکات، بەڵام ئەو ویلایەتە خەیاڵییەی بنیاتیناوە شوێنەکەی دیارە و ژمارەی دانیشتوانیشی ئاشکرایە و جیاوازییەکی ئەوتۆیشی لەگەڵ ویلایەتێکی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەمریکادا نییە و ساتەوەختی ڕووداوەکانیش نەک هەر بە ساڵ بەڵکوو تەنانەت بە ڕۆژیش تۆمارکراوە.

تەمەنی کورتی ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا و بە تایبەت نەنووسرانی چیرۆکێکی تۆکمەی ریالیستی لە چەشنی چیرۆکە ریالیستییەکانی گەلانی تر، بنەڕەت و بنەمای ئەدەبی گێڕانەوەی پاش خۆی بە شیوەیەکی لەرزۆک دارِشت. گەرچی نووسەرانێک هەن کە سەرنجی وردی ئەو بوارەیان داوە، بەڵام نابێ لەو چوارچێوەیەدا قەتیس بمێننەوە چونکە مەرگیان حەتمییە. زۆرن ئەو ڕۆمانە کوردیانەی نەوەدەکان کە تەنها لەبەر ئەوەی بە تەواوی ڕیالیستین، چیدی نەیانتوانیوە بەهایەکی هەتاهەتایی بۆخۆیان دەستەبەر بکەن و هەر بۆیەش ئێمە لەم نووسینەدا ناویان ناهێنین.

www.kurdishbookhouse.com

## نووسەرانی کورد و واقیعیخوازیی ئەدەبی

بەختیار عەلی وەک نووسەرێک، سەرەڕای بەهرەی زۆر و ئاستی بەرزی مەعریفی و وێڕای سەرکەوتنی وەکوو رۆشنبیرێکی گەورەی کورد، نەیتوانیوە بەستێنێکی واقیعیخوازانە لە یەکەم ڕۆمانەکانیدا بسازێنێ. نۆڤێلێتی مەرگی تاقانەی دووەم وەک یەکەم بەرهەمی گرنگی لەم بوارەدا، سەرەڕای جیاوازیی زۆری لەگەڵ ئەدەبی چیرۆکی کوردیی بەر لە خۆی و وێڕای کارتێکەریی زۆری لەسەر خوێنەر بە هۆی ڕوانگەی ڕادیکاڵ و شێوازی تایبەتەوە، هیچ نیشانەیەکی وردی لە گرنگیدان بە مۆرکەکانی واقیعیخوازیی ئەدەبی تێدا بەدی ناکرێت. شوێنکات لە یەکەم ڕۆمانەکانیدا تا ڕادەیەکی زۆر بزرە و، شێوازی وتووێژەکان و تەنانەت ناوی کەسایەتییەکانیش ڕەچاوی بنەواشەکانی واقیعیخوازیی ئەدەبی ناکەن. تەنانەت کەسایەتییەکان لە هەر پلە و پایە و پۆست و تەمەنێکدا بن و خەڵکی چ شار و گوندێک بن وەک یەک قسەئەکەن، هەڵبەت گەر ئاماژە بۆ ناوی شار و گوندەکە کرابێت. هەر بۆیەش، کە جەمشیدخانی مامم-م خوێندەوە و وشەی ئەسفەهان-م بینی گەشامەوە و وتم بۆ یەکەم جار بەختیار عەلی بە ئاشکرا و بە زەقی ناوی شارێکی برد لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا و کەسایەتییەکەش هەر هیچ نەبێ ناوەکەی نامۆ نییە و کاتەکەش شەڕی نێوان عێراق و ئێرانە. گەر هەندێ ڕۆمانی بەختیار عەلی وەک ئێوارەی پەروانە و دواهەمین هەناری دونیا لە ناو خوێنەری کورددا لایەنگریان زۆرە، بۆ من جەمشید خانی مامم، کە با هەمیشە لەگەڵ خۆی دەیبرد ئاستبەرزتر

www.kurdishbookhouse.com

و ئەدەبیترە. گرنگینەدان بە واقیعیخوازیی ئەدەبی لە لایەکەوە و بایەخدان بە ئەدەبی دژەواقیعیخوازانە لە لایەکی ترەوە، بوونەتە هۆکار بۆ پێدانی لایەنێکی هێماخوازانە و جوانیناسیخوازانە بە زۆربەی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی و هەر ئەمەش لە واقیعیخوازی دووری خستوونەتەوە. ڕیالیزمی جادوویی بزاڤێکی ئەدەبیی نوێخوازانە و زیاتر پاشنوێخوازانەیە، کە لەسەر بنەمای دژەواقیعیخوازیی ئەدەبی دامەزراوە.

من پێشتر بە تێروتەسەلی و بە جیا لەسەر هەندێ ڕۆمان وەک حەسار و سەگەکانی باوکم، گرەوی بەختی هەڵاڵە، ژیانەوە بە کاتی سیروان و گابۆڕ وتارم بڵاو کردۆتەوە و لێرەدا بە کورتی تەنها لە گۆشەنیگای تایبەتی ئەم نووسینەی بەردەستەوە ئاماژەیان بۆ دەکەم. پاشخانی ئەدەبیی زۆربەی نووسەرانی کورد زیاتر لەسەر ئەو لقەی نوێخوازیی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی دامەزراوە کە کەمتر ئاوڕ لە کلاسیزم و واقیعیخوازیی ئەدەبی دەداتەوە و زیاتر لە سەروو-واقیعیخوازی نزیک بۆتەوە. ئەمەش ئەو بەشەیە لە نوێخوازی کە لە پاشنوێخوازیشدا درێژەی هەیە، بە پێچەوانەی بەشەکانی تری کە لە لایەن بیرمەندە پاشنوێخوازەکانەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند کراونەتەوە. بەرهەمی نووسەرێکی داهێنەری ناسراو وەک شێرزاد حەسەن ڕاستە دەچێتە خانەی ئەدەبی نوێخوازانەوە و ڕاستە باشترین نموونەن بۆ ڕۆمانی دەروونناسانەی کوردی، بەڵام ئەو نوێخوازییە

www.kurdishbookhouse.com

لەسەر بنەمای ڕیالیزمی ئەدەبی نییە و بەندە بەو بزاڤانەی بە دژەواقیعیخواز لە قەڵەمیان دەدەین. هۆکارێکی سەرەکی بۆ گرنگینەدانی شێرزاد حەسەن بە واقیعی بەرهەست و درەکیی ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە بۆ ئەو، زەینی کەسایەتییەکان و ململانێ ناوەکییەکان هەمان واقیعی ڕاستەقینەن و واقیعی دەرەکی بە مانا باوەکەی لە جڤاتی کوردیدا تێکچووە.

لە گوڵی شۆڕاندا، بەرهەمی عەتا نەهایی، ڕیالیزم هەم وەک بەستێن و هەم وەک ڕێباز لە شێوازی گێڕانەوە و فۆرمدا دەرکەوتووە، کەچی لە گرەوی بەختی هەڵاڵەدا ڕیالیزم تەنها بەستێنە و ڕۆمانەکە زیاتر لە نوێخوازی نزیک دەبێتەوە. گەرچی لەم ڕۆمانەدا شوێنکات و کەسایەتییەکان و شێوازی ئاخافتنیان واقیعیخوازانەن، بەڵام دەرخستنی دەروون و کێشە ناوەکییەکانی ناسنامەی کەسایەتییەکان و هەروەهاش پێکهاتەی هەڤگرتووی دەقەکە و تەنینی چەندین پرس بە شێوەی هاوتەریب و تەنانەت هاوکێش لە گەڵاڵەی ڕۆمانەکەدا مۆرکێکی نوێخوازانەی بەخشیوەتە ئەو بەرهەمە.

لە گابۆڕدا بەشێکی بەرچاوی گێڕانەوەکە تەواو ڕیالیستییە و لەسەر ڕیالیزمی ئەدەبی دامەزراوە؛ واتە، واقیعیخوازی چ وەک بەستێن و چ وەک ڕێباز و شێواز لەو ڕۆمانەدا ئامادەیە و تەنانەت ئامادەبوونێکی بەرچاویشی هەیە. ئەوەی کە ئەو ڕۆمانەی بەرجەستە کردۆتەوە و بۆتە هۆی ئەوەی سەرنجی توێژەران بۆ لای خۆی رابکێشێ ئەو بەشەیەتی کە ڕیالیستی نییە، واتە گێڕانەوەی دووەمی

www.kurdishbookhouse.com

ڕۆمانەکە کە هاوتەریب لەگەڵ چیرۆکە واقیعیخوازانەکەدا دەچێتە پێشێ. لە ژیانەوە بە کاتی سیرواندا، گەرچی کەشێکی سەروو-واقیعیخوازانە لە زۆربەی بەشەکاندا ئامادەیە، بەڵام کەسایەتی، کردەوە و شوێنکات لەو ڕۆمانەدا لەسەر بنەمایەکی تەواو واقیعی دامەزراوە. بەرهەمی نووسەرانی کوردی ڕۆژهەڵات گەرچی لە ئاستێکی بەرزی ئەدەبیدان لە ڕووی گرنگیدان بە پێکهاتەمەندیی دەقەکەوە، بەڵام ئەو بوێرییەیان تێدا نابیندرێت کە بەردەوام ڕوانین و تەکنیکی نوێ تاقی بکەنەوە و هێشتا نەیانتوانیوە پێکهاتەیەک لە ڕۆمانمان پێشان بدەن کە بە تەواوی و لە هەموو ڕوویەکەوە بە شێوەیەکی نوێخوازانە دارێژرابێت. ڕەوتی تاقیکردنەوەی فۆرم و تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆژهەڵات گەرچی بە بەراورد لەگەڵ هەمان ڕەوت لە پارچەکانی دیکەدا مۆدێرنتر، ئەدەبیتر و مەنتیقیترە، بەڵام تەنانەت لێرەش ئەو ڕەوتە هەر بە لەسەرخۆ و هێمانە لە قەڵەم دەدرێ.

### دوا وتە

ئەو تایبەتمەندیانەی لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کرد تەنها تایبەت نین بە ئەدەبی چیرۆک و لە ژانرەکانی تریشدا ڕەنگیان داوەتەوە. بۆ نموونە، لە شیعری نوێخوازانەی ئەدەبی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە کوردیشەوە، زیاتر گرنگی دراوەتە ئەو مۆدێرنیزمە شیعرییەی لەسەر ڕۆمانتیزم بنیاتنراوە. هەر بۆیەش هەندێ ناوی وەک لۆرکا، یۆپاز،

www.kurdishbookhouse.com

ڕیلکە و هیوز دیارن کەچی کەمتر ئاماژە بۆ ئێلیۆت، پاوند، ئۆدن، فراست و ستیڤێنس دەکرێت. ژمارەی ئەو کتێبانەی بەرهەمی دەستەی یەکەمیان وەرگێڕاوە زۆر زیاترە لە وەرگێڕانی دەستەی دووەم، نەک هەر لە ئەدەبی کوردیدا بەڵکوو لە کتێبخانەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەر ئەم مۆرکە لە ژانری شانۆنامە و لە شانۆگەریشدا دەبیندرێ؛ واتە، ڕێبازە دژەواقیعیخوازانەکان لە شانۆی کوردیی پاش ڕاپەڕیندا بەردەوام پشکی شێریان بەرکەتووە.

ئەدەبی چیرۆکی کرمانجیی سەروو بە هۆی ئەو دابڕانەی لە تورکیا بۆ ماوەی نیوسەدە بەری بە ڕەوتی گەشەی زمان و ئەدەبی کوردیی گرت، دواتر و لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا گەیشتە قۆناغی ڕیالیزم. محەمەد ئوزون ئەو نووسەر پڕکارەی چیرۆکی کرمانجی بوو کە لە هەمووان زیاتر بە ڕیالیست ناوبانگی دەرکردووە. ئوزون توانی بنەڕەتێکی تۆکمە بۆ چیرۆکی کرمانجی دابڕێژێ کە لێکەوتە و دەرئەنجامە ئەرێنییەکانی لە داهاتووی چیرۆکی کرمانجیدا دەردەکەوێت. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە تەنانەت ئێستاش بەشێکی بەرچاو و ناسراوی نووسەرانی کرمانجی، وەک ژان دۆست، وەکوو ڕیالیست پێناسە دەکرێن.

گەرچی چیرۆکی کرمانجیی ناوەندی قۆناغەکانی پەرەسەندنی بە تەواوەتی نەبڕی و تووشیاری چەندین کێشەی جیاجیا بووەوە، بەڵام هەر بەم حاڵەشەوە لە ڕووی ئەدەبییەوە، واتە لە باری فۆرم و پێکهاتە و تەکنیکەوە، بە گشتی و نەک بە شێوەی تایبەت لە بەرهەمی

www.kurdishbookhouse.com

نووسەرێکی دیاریکراودا، ئاستی هونەریی لە ڕۆمانی کرمانجی لەسەرترە. هەڵبەت لە چیرۆکی کرمانجیی ناوەندیشدا کێشەکان بە تەواوی چارەسەر نەکراون. ئەو کیشانە لە ڕوانگەی منەوە بەسەر دوو بەشی گەورەدا دابەش دەکرێن لە برێتین لەو پرسانەی پێوەندییان بە شێوەی دەرکەوتنی ڕیالیزم و نوێخوازییەوە هەیە؛ واتە، لە هیچ کامیاندا مامەڵەکان بە تەواوەتی ئەنجام نەدراون و بەردەوام ناتەواوییەک لە دەرکەوتە و پێوەرەکاندا ئامادەیە.

گەر واز لە تەکنیکە پسپۆڕانەکانی گێڕانەوەی واقیعیخوازانە و نوێخوازانە بهێنین و چاوپۆشی لە پێکهاتەی شلوشێواو و شێوازی لاوازی کەسایەتیپەروەراندن لە بەشێکی بەرچاوی چیرۆکە کوردییەکان بکەین، ڕووبەڕوی ئەم پرسە ساکار و بەڵام جیدییە دەبینەوە کە ئاخۆ ڕۆمانی کوردی بۆ نموونە تا چ ئاستێک توانیوێتی دەوری گێڕانەوەیەکی نەک واقیعیخوازانە و بەڵکوو واقیعنوێن بگێڕێ؟ گەلۆ بڵێی هەورامییەک، کاکەییەک، ئێزدییەک، کەڵهوڕییەک، شکاکێک یان ئەردەڵانییەک، ڕێگەی نەکەوتبێتە سلێمانی و بانە و بۆکان و ئامەد؟ ئایا تا ئێستا چاومان بە یەک دیالۆگی هەورامی یان هەر کام لەو زار و شێوەزارانەی سەرەوە لە سەرجەم ڕۆمانی کوردیدا کەوتووە؟ لە کاتێکدا حەسەن قزڵجی سێ چارەکە سەدە لەمەوبەر دیالۆگی کابرای سنەیی بە شێوەزاری خۆیەوە بەکار هێناوە، ئایا ئەو هۆشیارییە زمانییە و ئەو مامەڵە شێوەزارناسانەیەی بۆ نموونە هەژار

www.kurdishbookhouse.com

لە چێشتی مجێوردا و شوکور مستەفا لە وەرگێڕانی چیرۆکدا ڕەچاویان دەکرد، لە چیرۆکی کوردیی بیست ساڵی ڕابردوودا دەرکەوتووە؟

■ بە کانال "خانۀ کتاب کُردی" بپیوندید:

■ **Telegram: https://t.me/kurdishbookhouse**

www.kurdishbookhouse.com